**بە ناوی خـوای بەخشـندەو میهـرەبـان**
**بە ناوی گەلـەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتان ـ عێراق**
**ژمارەی بـڕیـــار : ١**
**ڕۆژی بـڕیـــار : ٢٠٠٢/٤/٦**

## " بـڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢و ، لەسەر داواکردنی وەزیری داد و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٤)ی ڕۆژی ٢٠٠٢/٤/٤ دا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا :ـ

**یەکـەم :** بڕیاری ژمارە (١٠)ی ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/١٠ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق پووچەڵ دەکرێتەوە .

**دووەم :** دەسەڵاتی دەرهێنانی لێبوردنی تایبەت لە حوکمدراوەکانی هەرێم دەدرێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق .

**سێیەم :** دەسەڵاتی دەرهێنانی بڕیاری وەستاندنی تەعقیباتی یاسایی و داخستنی ئەوراقی لێپێچانەوە دەرهەق بە تاوانباران لە قۆناغی لێپێچانەوە و دادگایی کردن و ئازاد کردنیشیان دەدرێ بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق .

**چوارەم :** حوکمدراوان و تاوانباران لە یەك جار زیاتر لەم بڕیاری لێبوردنە سوودمەند نابن .

**پێنجەم :** هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ، ناخرێتە بەرکار .

**شەشەم :** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار .

**حەوتەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە دەخرێتە بەرکارو لە (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە .

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**